# THE ZAYTUN زەیتون

Republic Of Korea Zaytun Division www.zaytun.mil.kr May 2007


## تیپی زەیتون کاریگەری باشی دروستکردووە لەسەر هاوولاتیان

## Zaytun made a profound impression on local residents.










A great festival to celebrate Korea-Kurd Friendship day was held by Zaytun Division on April 10th. The festival was attended by 1,000 people including KRG Prime Minister-Nechirvan Barzani- ,Kurdish officials, Zaytun officers, the allies, other local guest and so on. Event was held by purpose to make combination through friendship and to understand for culture of both countries.

Starting with Zaytun military band's performance, there are many performances including dance team and musical band play, performance of both countries etc.

Above all, Salahaddin University and Media high school students's dance stage was very impressed by attendants. Orphans, special guest, in the Showrishi asylum said "Today is very happy with you. and I will never forget today's fireworks display."

Even though present Zaytun commander's term expires and 11th Brigade be disorganized, the reconstruction support will be continued.

لە ڕۆژی 4/10 دا، تیپی زەیتونی هێزەکانی کۆریای باشور لە هەولێر، فیستڤاڵێکی گەورەی بۆ (ئاهەنگی دۆستایەتی کۆریا ــ کورد) سازکرد. لەم ئاهەنگەدا، بەرپرسان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرباز و ئەفسەرانی تیپی زەیتون و هێزی هاوپەیمانان و قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین و میوانانی تر ئامادەبوون، بە مەبەستی زیاتر پتەوکردنی پەیوەندی دۆستایەتی و تێگەیشتن لە کەلتوری یەکتری .

لەم ئاهەنگـەدا، سەرەتا باندی موزیکی سەربازی زەیتون و کـوردی ئینجا گەلێك نمایشی جۆراوجۆر وەك گۆرانی و موزیکی کۆری و کـوردی و تایکواندۆ لەلایەن منداڵانی کورد و سەربازانی تیپی زەیتون و نمایشی سەما و جل و بەرگی کۆری و کوردی هەروەها گۆرانی و موزیکی گروپی وەزارەتی ڕۆشنبیری و قوتابیانـــی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر پێشکەشکرا، کە جێگای خۆشحاڵی ئامادەبووان بوو.

ئەوجەوانانی خانەی شۆرش و خەندە، کە میوانی تایبەتی ئەم ئاهەنگە بوون، یەکێکیان بەم جۆرە هەستی خۆی دەربڕی و گوتی " ئەمڕۆ ڕۆژێکی خۆشە بە یەکەوە لەگەڵ ئێوە، هەرگیز ئەم نمایشە ئاگرینە جوانانە لە بیرناکەم".

هەروەها ئەم ئاهەنگە بە بۆنەی کۆتایی هاتنی ئەرکی فەرماندەی ئێستای تیپی زەیتون و هەروەها لیوای 11ی ئەم تیپە بوو. بەڵام گۆڕینی فەلاماندە و ڕۆیشتنەوەی ئەم لیوایە کارناکاتە سەر کاروچالاکییەکانی ئاوەدانکردنەوە و هەر بەردەوام دەبێت.

## We had visited Korea for learning Tae-Kwondo!

## بۆ فێربوونی هونەری تایکواندۆ... سەردانی کۆریامان کرد

The World Tae-Kwondo Federation and Korea Tae-Kwondo Association had visiting korea program for spreading Tae-Kwondo in Kurd region from April 9.
22 people concerned Tae-Kwondo participated in this program. They had a friendly match with Korean athletes and experienced Korean cultural heritage.
Zaytun have runned Tae-Kwondo classes at 5 villages from December 2004. 800 people attended third Zaytun cup TaeKwondo tournament on last February.



یەکیەتی تایکواندۆی جیهان و یەکیەتی تایکواندۆی کۆریا ئەرکی سەردانیکردنی شاندی تایکواندۆی هەرێمی کوردستان بۆ کۆریا یان بەڕێوەبرد، بە مەبەستی بەرباڵوکردنەوەی هونەری تایکواندۆ لە هەرێمی کوردستاندا.

22 کەس لە یاریزانان و ئەندامانی یەکیەتی تایکواندۆی هەرێمی کوردستان بەشداری ئەم بەرنامەیان کردووە ، لە 4/9 دا بەڕێکەوتن بۆ وولاتی کۆریا بۆ ئەنجامدانی یاری دۆستانە لەگەڵ یاریزانانی کۆری و هەروەها بۆ شارەزابوون لە کەلتوری کۆری.

تیپی زەیتون لەوەتەی مانگی 12ی ساڵی 2004ەوە خوولی ڕاهێنانی تایکواندۆ لە 5 کۆمەڵگەی دەوروبەری شاری هەولێر بەڕێوەدەبات. لە مانگی 2ی ئەمساڵیشدا، سێیەم پاڵەوانییەتی جامی زەیتون بۆ تایکواندۆی ئەنجامدا، کە تیایدا وەرزشدۆستێکی زۆر ئامادەبوون.

# کۆریا بناسە (یادەوەرییەکانی مانگی ئایار لە کۆریا)
# Introduction of Korea (Memorial day of May in Korea)





## Children's Day (May 5)

**Children's Day is a special day for children that spend time with their parents and usually get gifts from them. It is enforced as a holiday by a Presidential decree since 1975. There are many great events in that day, so children expect the day the most during a year.**

## 5 / 5 - ڕۆژی منداڵان

ڕۆژی منداڵان ڕۆژێکی تایبەتە بۆ منداڵان کە تیایدا کات بەسەردەبەن لەگەڵ باوک و دایکیان (خانەوادەیان) و هەردەم لەم ڕۆژەدا دیارییان لە لایەن ئەوانەوە پێشکەشدەکرێت. لەوەتەی ساڵی 1975 ەوە بە فەرمانێکی سەرۆکایەتی، ئەم ڕۆژە بە پشوو داندراوە. لەم ڕۆژەدا زۆر ئاهەنگی گرینگ و گەورە بۆ منداڵان ئەنجامدەدرێت، بۆیە منداڵان ئەم ڕۆژەیان بە خۆشترین ڕۆژ لە ساڵدا دادەنێن.

## The Parents Day(May 8)

**The Parents Day is a day that we remind the love of parents and thank with great respects. We usually visit parents and put on carnation in their chest on that day.**



## 5 / 8 - ڕۆژی دایکان و باوکان

ئەمەش ئەو ڕۆژەیە کە یادی سۆز و خۆشەویستی دایکان و باوکان دەکەینەوە و هەروەها زۆر بە ڕێزەوە ستایشیان دەکەین. لەم ڕۆژەدا، هەردەم سەردانی دایکان و باوکان دەکەین و وەك ڕێز و خۆشەویستیش گوڵی "قەنەفڵ"یان بە سینگەوە دەکەین .




## Carnation

**The original homes of Carnation are Southern Europe and Asia. And this flower was cultivated from 2,000 years ago. A red carnation means "Love which wants health" in the language of flowers. Many Koreans present this flower on the Parents Day and the Teachers' Day.**

## گوڵـی قەنەفڵ



شوێنی بنەڕەتی ئەم گوڵە باشووری ئەوروپا و ئاسیا یە، لە 2000 ساڵەوە پێش ئێستا ئەم گوڵ ڕواوە.لە نێو گوڵاندا، قەنەفڵی سور بە مانای (خۆشەویستی بە هیوای تەندروستی) دێت. زۆر لە کۆری یەکان ، لە ڕۆژی دایکان و باوکان و هەروەها ڕۆژی مامۆستایان دا، گوڵ پێشکەش بە یەکتری دەکەن.

## The Teacher's Day (May 15)

**To thank teachers for their favor, May 15 was appointed as the Teacher's Day. The date(May 15) is a birthday of Sejong the Great who is a historically the greatest king in Korea. Students sing a song "Teacher's kindness" and put on carnation in their chests for expressing their thankful minds on that day.**



## 5 / 15 - ڕۆژی مامۆستایان

بۆ ئەوەی سوپاسی چاکە و ماندووبوونی مامۆستایان بکەین، ڕۆژی 5/15 داندراوە بە ڕۆژی مامۆستایان. ئەم ڕۆژە یادی لە دایکبوونی شـا (سێجۆنگ)ی گەورەیە، کە لە دێرزەمانەوە پادشایەکی گەورەی کۆریا بووە. (زمانی کۆری داهێناوە).

## The Conjugal Day(May 21)

**The Conjugal Day (May 21) is enforced as an anniversary by a law in 2004. The day means "Two become one in May" The original day is "World Wedding anniversary" from the United States since 1981. To think much of husband and wife and to make more harmonious family, Korean changed "World Wedding anniversary" to "The Conjugal Day" in korean way. Couples confirm and promise their love on that day.**



## 5 / 21 " - "ڕۆژی هاوسەران

"ڕۆژی هـاوسەران" 5/21 لە ساڵی 2004 ەوە، بە گوێرەی یـاسا، وەك ساڵیادێك دانراوە. ئەم ڕۆژە بە مـانـای (دوو دەبێتـە یـەك لــە ئایار) دێت.

ئەم ڕۆژە، لە بنەڕەتدا (ساڵیادی هاوسەرانی جیهانی) یە لە ویلایەتــە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەوەتەی ساڵی 1981 ەوە بۆ ئەوەی زۆر بـیر لە هاوسەرێتی بکرێتەوە و هەروەهـا بۆ پێکهێنانی خێزانێکی تەبا و گونجاو، کۆری یەکان لەسەر بنەمای (ساڵیادی هاوسەرانی جیهانی) "ڕۆژی هاوسەران" ی داناوە بە گوێرەی نەریت و شێوازی کۆری. هاوسەرەکان لەم ڕۆژەدا پەیمانی سۆز و خۆشەویستیان بۆ یەکتری نوویاتدەکەنەوە .

# تیپی زەیتون، بەردەوامی کردارەکانی فریشتەی سەوز
# Zaytun, Continued Green angel operation.




## Darbandi-Gomaspan School Opening Ceremony

Zaytun Division held a Darbandi-Gomaspan school ceremony for the completion on March 17. It took 10 months for construction of the school. On this day, Zaytun supported pens, bicycles and first-aid medicines etc. in humanitarian activity. And they also gave the necessities of life such as blankets and gift set to 25 houses in this village.

## ڕێورەسمی کردنەوەی قوتانجانەی (دەربەندی گۆمەسپان)

تیپی زەیتونی هێزەکانی کۆریای باشور، کە ئەرکی ئاشتی و ئاوەدانکردنەوە ئەنجامدەدات لە سنووری هەولێر، لە ڕۆژی 17ی ئازار دا، ڕێورەسمی کردنەوەی بینایەی قوتانجانەی (دەربەندی گۆمەسپان)ی سەر بە پارێزگای هەولێر ئەنجامدا. بینایەی قوتانجانەی (دەربەندی گۆمەسپان) 10 مانگی خایاند، لە ڕۆژی ڕێورەسمەکەشدا تیپی زەیتون هەستا بە پێشکەشکردنی هەندێك دیاری وەك پێداویستی خوێندن و هەندێك شتی تریش بە سەر قوتابی یەکاندا و هەروەها وەك چالاکییەکی بواری مرۆڤایەتیش چەند پێداویسییەکی وەك بەتانی و سێتی دیاری بۆ سەر 25 خانەوادەی ئەم گوندە.

## Support to Raparin asylum for the handicapped



Zaytun held event of supporting supplies to Raparin institution for the handicapped on last March 18. Zaytun gave goods for education such as computers and for necessities of life such as quilts etc. Teachers in this asylum requested to attend VTC class.
Zaytun would accept the request.

## بەخشینی پێداویستی بە خانەی ڕاپەرینی پەککەوتان

لە ڕۆژی 18ی ئازار دا، تیپی زەیتون ڕێورەسمی بەخشینی پێداویستی بە خانەی ڕاپەرینی پەککەوتانی ئەنجامدا. پێداویسییەکان بریتیبوون لە کەل و پەلی ئۆفیسی وەك کۆمپیوتەر و چەرخەی پەککەوتان و .....هتد. مامۆستایانی ئەم خانەیە داوایان کرد کە بەشداری بکەن لە خولەکانی بنکەی زەیتونی ڕاهێنانی پیشەیی و تیپی زەیتونیش داواکارییەکەیان بە هەند وەردەگرێت .



## Donation of office supplies for Dahuk and Arbil

Event of supporting office supplies for Dahuk and Arbil state was held by Zaytun on March 26. Zaytun gave computers, duplicators, UPS system and so on, all together 6 pieces. Total support costs 263,000 dollars worth.
It would be good chance to strengthen their administrative ability.

## بەخشینی کەل و پەلی ئۆفیسی بە پەروەردەی هەولێر و دهۆك

لە ڕۆژی 26ی ئازار دا، تیپی زەیتون ڕێورەسمی بەخشینی پێداویستی ئۆفیسی بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر و دهۆك ئەنجامدا. پێداویسییەکان بریتیبوون لە کەل و پەلی ئۆفیسی وەك کۆمپیوتەر و ئامێری کۆپی کردن و UPS و ....هتد کە هەمووی 6 جۆر و کۆی بەهای 263000 $ دۆلار بوو، کە ئەمەش هەلێکی باشە بۆ بەرەوپێشبردنی تواناى کارگێڕی و بەڕێوەبردن.

## School of electric technique Opening Ceremony



Zaytun held the opening ceremony of school of electric technique in Arbil on March 28. The school was 2 floors with 12 classrooms include-ing laboratory. This project, started in February 2006, took 12 months.
It expect to make hope and dream for the young.

## ڕێورەسمی کردنەوەی ئامادەیی پیشەسازی کارەبا

لە ڕۆژی 28ی ئازار دا، تیپی زەیتون هەستا بە ئەنجامدانی ڕێورەسمی تەواوکردنی بینایەی نوێ ی ئامادەیی پیشەسازی هەولێر. ئەم بینایەیە لە 12پۆلی 2 نهۆمی پێکدێت بە تاقیگەوە، ئەم پرۆژەیە لە مانگی 2ی 2006وە دەستکرابوو بە دروستکردنی و دوای ماندووبوونێکی زۆر 12 مانگی خایاند و 416800 دۆلاری تێچووە، وا چاوەڕوان دەکرێت کە ئەمە هیوا و ئاواتی گەنجان و لاوان بهێنێتە دی.



## Supporting medicines to association of diabetes

Zaytun held event of support to Kurd association for diabetes on last April 2. On this event, Zaytun gave necessaries of treatment such as insulin, stethoscopes and so on, all together 18 items, 38,529 pieces.
Total medicines and supplies cost 54,000 dollars worth.

## بەخشینی کەل و پەل و دەرمان بە (کۆمەڵەی منداڵانی تووشبوو بەنەخۆشی شەکرە)

لە 2ی نیساندا، تیپی زەیتون ڕێورەسمی بەخشینی پێداویستی بە (کۆمەڵەی منداڵانی تووشبوو بە نەخۆشی شەکرە) لە شاری هەولێر ئەنجامدا. لەم ڕێورەسمەدا، تیپی زەیتون هەستا بە بەخشینی پێداویستی پزیشکی بۆ چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییە وەك دەرمانی (ئینسۆلین) و... کە هەمووی 18 جۆر و 3852 دانە بوو و کۆی بەهای هەموو پێداویستییەکان 54000 $ دۆلار بوو.

# پێورەسمی دەسپێکردنی خوولی (10)یەمی بنکەی زەیتونی ڕاهێنانی پیشەیی
# The 10th VTC Entrance Ceremony






VTC held their 10th VTC Entrance Ceremony on last April 2 for 161 students who admitted through high competition rate of 6.3 to 1.

Female students were 35 which occupied 21% of the whole. And a handicapped student entered the class for the first time.

And one student have applied for VTC nine times from 2nd. He failed eight times but finally entered 10th VTC.

1,200 trainees have passed VTC up to now and they were all hired. Graduates have worked various places by pillars of society.

As MNF-I follows successful model of Zaytun's VTC, they are under-constrution of 11 VTCs at 10 areas including Baghdad from October last year. And VTCs at three areas have already opened.

لە 2ی نیساندا، تیپی زەیتونی هێزەکانی کۆریای باشور لە هەولێر پێورەسمی دەستپێکردنی خووڵی (10)یەمی بۆ 161 بەشداربووی بنکەی ڕاهێنانی پیشەیی بـەڕێوەبرد. بـۆ ئەم خووڵە، بەشداربووان دوای کێبرکێیەکی زۆر بە ڕێـژەی (1 لە 6.3) کەس دا وەرگیران.

لەم خووڵەدا 35 بەشداربووی ئافرەت هەیە، کە دەکاتە 21٪ی هەموو وەرگیراوان و یەکەمجاریشە کە کەسێکی کەمئەندام بەشداری دەکات و هەروەها بەشداربوویێك، دوای 8 جاری پێشتری هەوڵدانی وەرنەگیراوە، بۆ جاری نۆیەم لە خووڵ 10یەم وەرگیرا.

تیپی زەیتون بواری فێربوون بۆ هەموو بەشداربووان دابین دەکات، لە ئەنجامی ئەمەشدا، لە نێوان ئەو 1200 بەشداربووەی کە لە (9) خووڵەکانی پێشووی ئەم بنکەیەدا دەرچوون تاوەکو ئێستا و ئەوانەی ویستوویانە دابمەزرێن، زۆربەیان کاریان دۆزیوەتەوە و دامەزراون لە کۆمپانیاکان و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق بنکەی زەیتونی ڕاهێنانی پیشەیی بە نموونەیەکی سەرکەوتوو هەڵدەسەنگێنن، کە ئێستا هەمان شێوە پەیڕەودەکەن بۆ دروستکردنی بنکەی ڕاهێنانی پیشەیی لە بەغدا و شوێنە جۆراوجۆرەکانی عێراقدا. لەوەتەی مانگی 10ی ساڵی ڕابردووەوە دەستیانکردووە بە دروستکردنی 11 بنکەی ڕاهێنانی پیشەیی کە ئێستا 3یان تەواوبووە و بەشداربووانی وا ڕاهێنان دەکەن.

# حکومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی کاروچالاکییەکانی تیپی زەیتون دە کات
# KRG thanked Zaytun officially for its dedication on kurd region



On Nowroz, the greatest holiday in Kurdish, KRG thanked Zaytun officially for it's dedication on kurd region. The event was chaired by the Minister of education, and was attended by about 100 people including KRG officials, Zaytun soldiers and KOICA employees.

They had a luncheon and KRG awarded medals to 10 officers of Zaytun with their mind of Appre-ciation. In the event, official said "Zaytun will continue it's support for developing Kurd region."

لە نەورۆز دا، گەورەترین جەژنی گەلی کورد، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستخۆشی لەو هەوڵە دڵسۆزانەی تیپی زەیتون بۆ هەرێمی کوردستانی کرد و بەم بۆنەیەوە پێورەسمێکیان سازکرد بە سەرپەرشتی بەڕێزان وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە ئامادەبوونی چەند وەزیرێك و پارێزگاری هەولێر و بەرپرسانی تری هەرێمی کوردستان و تیپی زەیتون و هەروەها ئاژانسی ( کۆیکای ) ی کۆری بەڕێوەچوو. لەم پێورەسمەدا، نیوەڕۆ خوانێکیان بۆ ئامادەکردن و هەروەها میدالیای سوپاسگوزاری و دیاریشیان بە 10 ئەفسەری تیپی زەیتون پێشکەشکرد.

لەم ڕێورەسمە، بەرپرسێکی تیپی زەیتون گووتی " تیپی زەیتون هەردەم بەردەوام دەبێت لە کاروچالاکییەکانی بۆ ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان".

# وەرگرتنی بەشداربووانی نوێ بۆ خووڵی (11)یەمی بنکەی زەیتونی ڕاهێنانی پیشەیی
# Recruiting new students of 11th Zaytun VTC

## Schedule for application

- Receiving application : Until May 8(Tue), 16:00
- Screening applications : May 9(Wed)~10(Thu)
- Interview : June 12(Tue)~13(Wed)
- Successful candidate Announcing : June 18(Mon)

## خشتەی داواکاری

- وەرگرتنی فۆرمی داواکاری: تاوەکو سێشەممە ڕێککەوتی 8 / 5 کاتژمێر 4 ی دوای نیوەڕۆ
- سەیرکردنی فۆرمەکان: چوارشەممە و پێنج شەممە ڕێککەوتی 9 و 10 / 5
- چاوپێکەوتن : سێشەممە و چوارشەممە ڕێککەوتی 12 و 13 / 6
- بانگکردنی کەسانی هەڵبژاردراو : دووشەممە ڕێککەوتی 18 / 6

ڕۆژەی کارپەیداکردن و دامەزراندن لە 100٪ە

## Qualifications

- Residents who can attend VTC for 8 weeks.
- After completing course, who wants to get a job in same occupational category as the course.
- Person who can write and read Kurdish (English speaker are given entrance preference)
- Persons who are in good health (Or persons who can learn and work among the handicapped)
- Except graduates, skilled technical hands, unlettered persons

## پێشینەی وەرگرتن

- ئەو کەسانەی کە دەتوانن بۆ ماوەی 8 هەفتە بەشداری ئەم خووڵە بکەن.
- ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت هەمان ئەو پیشەیە بکات، وەك لەو کۆرسەی تیایدا وەرگیراوە، دوای تەواوکردنی کۆرسەکە.
- خوێندن و نووسینی کوردی بزانێت. ( پێشینە بۆ ئەو کەسانەی زمانی ئینگلیزی دەزانن).
- ئەو کەسانەی تەندروستیان باشە یان ( ئەو کەمئەندامانەی کە توانای فێربوون و کارکردنیان هەیە)
- دەرچووانی پێشتر و کەسانی شارەزا و نەخوێندەواران ناگرێتەوە.

باشترین ناوبانگی هەیە لە هەولێر